Kurdistan Regional Government-Iraq
Conuncil of Minister
Ministery of Education
G. D. of Preparatory & Vocatio Education
D. of Vocational Education

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئه نجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی
ئامادەیی و پیشەیی
بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی

# ڕێنمایی کردنەوەی پە یمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان

## بە پیٚ ی یاسای ژمارە ( ١٤ )ی سالی ( ٢٠١٢ ) ی پەرلەمان.

## بریاری ئه نجومەنی وەزیران ژمارە ( ١٠٧ ) لە ( ٢٠١٧/٥/٢ )

## سیستەمی ژمارە ( ٣ ) ی سالی ( ٢٠١٧ )

*** دروشمی پە یمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی :**

وەزارەتی پەروەردە گرنگی دەدات بەبەشداری کردنی کەرتی تایبەت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەتایبەتی لەبواری خوێندن و فێرکردنی پیشەیی ، بەمەبەستی بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پیشەیی لەناو هاولاتیانی هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی بێکاری .

*** ئامانج لە پە یمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی:**

١ ) مەبەست لە پە یمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی ئەو دام و دەزگاو ڕێکخراوو کۆمپانیاکانی ناوخۆ و بیانی یە کە هاولاتیان دایدەمەزرێنن بۆ فێرکردنی پیشەییەکی دیاری کراو .

٢ ) ماوەی فێرکردن کردن تیایاندا لەسالێك زیاتر نەبێت .

٣ ) لەم پە یمانگایەدا لایەنی پراکتیکی زاڵە بەسەر لایەنی تیۆری .

٤ ) ئەم دەزگایانە داراییان لەسەرمایەی هاولاتیان وەردەگرن .

*** مافی کردنەوەی پە یمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی:-**

هەر هاولاتیەکی ( عیراقی – بیانی ) ( بەشێوەی تاك یان گروپ یان کۆمەڵە و سەندیکا ..... ) بۆیان هەیە پە یمانگای فێرکردنی پیشەیی بکەنەوە لە هەرێمی کوردستان .

*** ئەم پیشانەی کە دەکرێت مۆلەتیان پیٚ بدرێت :-**

پەیدابوونی ئارەزو بۆ دامەزراندنی پە یمانگایەك یان بۆ پیشەییەکی تازە پۆلین دەکرێن لەلایەنی بەرپرس لەوەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی / بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی ، لیژنەی بالا لە وەزارەتی پەروەردە وە لیژنەی فەرعی لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان . وەك پیشەی:-

١ ) فێرکردنی هەمو جۆرە زمانێك .

٢ ) ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی ( TOEFL ITP , Password , CIELT , TOEIC , IESOL ) بەمەرجێك مۆلەتی لە پە یمانگای دایك هەبێت .

٣ ) فێرکردنی زانستی بەڕێوەبردن وئابوری و ژمێریاری و ڕاوێژکاری ......... هتد .

٤ ) فێرکردنی چاکردنەوەی ئامێرەکانی ئەلکترۆنی ، کارەبایی ، ڤیدیۆ ، سەتەلایەت ، .......هتد .

٥ ) فێرکردنی چاکردنەوەی کۆمپیوتەر ، پرۆگرامی کۆمپیوتەر ، ئەنتەرنێت ......هتد .

٦ ) ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی ( ICDL - ECDL – IC٣ ) بەمەرجێك مۆلەتی لە پە یمانگای دایك هەبێت

٧ ) فێرکردنی هونەری جوانکاری ( سەرتاشین بۆ پیاوان ، قژ بڕین بۆ ژنان ).

٨ ) فێرکردنی زانستی فەلسەفە و دەروونناسی و ڕێبەرایەتی .

٩ ) فێرکردنی دیزاین و دوورمان و نەخش .

١٠ ) فێرکردنی مۆسیقا و هونەری تەشکیلی و شێوەکاری و خۆش نووسی و ......

١١ ) خولی بەهێزکردنی بۆ قوتابیان و خوێندکارانی بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگا و کۆلێژەکان .

١٢ ) هەر پیشەییەکی تر بە پێ ی پێویست و خواستی بازاڕ .

*** کارمەندان :-**

أ - خاوەنی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی هەموو کەسێك دەگرێتەوە بەم مەرجانەی خوارەوە :-

١ ) باشتر وایە خاوەن بڕوانامە بێت لە پسپۆریەکەی ، یاخود خاوەنی کۆمپانیا یان خاوەن ناسنامەی ژووری بازرگانی بیت .

٢ ) سزا نەدرابێت لە دادگاکان

٣ ) فەرمانبەری میری نەبێت .

**ب- بەڕێوەبەر :-**

١ ) بۆ فێرکردنی زمان بڕوانامەکەی لە ( بەکالۆریۆس ) کەمترنەبێت لە پسپۆریەکەی .

٢ ) بۆ فێرکردنی زانستی بەڕێوەبردن وئابوری و ژمێریاری و ڕاوێژکاری بڕوانامەکەی لە ( بەکالۆریۆس ) کەمترنەبێت لە پسپۆریەکەی.

٣ ) فێرکردنی چاکردنەوەی ئامێرەکانی ئەلکترۆنی ، کارەبایی ، ڤیدیۆ ، سەتەلایەت ، TV .......... بڕوانامەکەی لە( دبلۆم ) کەمتر نەبێت.

٤ ) فێرکردنی چاکردنەوەی کۆمپیوتەر ، پرۆگرامی کۆمپیوتەر ، ئەنتەرنێت . بڕوانامەکەی لە ( بەکالۆریۆس ) کەمترنەبێت لە پسپۆریەکەی.

٥ ) بۆ فێرکردنی هونەری جوانکاری ( سەرتاشین بۆ پیاوان ، قژ بڕین بۆ ژنان ).بڕوانامەکەی لە ئامادەیی کەمتر نەبێت و بڕوانامەی بەشداربوونی لە خولی ڕاهێنان هەبێت لە پسپۆریەکەی .

٦ ) بۆ فێرکردنی زانستی فەلسەفە و دەروونناسی و ڕێبەرایەتی دەبێت بڕوانامەکەی لە ( بەکالۆریۆس ) کەمترنەبێت لە پسپۆریەکەی.

٧ ) بۆ فێرکردنی دوورمان و نەخش کردن دەبێت بڕوانامەکەی لە ئامادەیی کەمتر نەبێت و بڕوانامەی بەشداربوونی لە خولی ڕاهێنان هەبێت لە پسپۆریەکەی .

٨ ) بۆ فێرکردنی مۆسیقا و هونەری تەشکیلی و شێوەکاری و خۆش نووسی ...... بڕوانامەکەی لە( دبلۆم ) کەمتر نەبێت لە پسپۆریەکەی .

٩ ) بۆ خولی بەهێزکردنی بۆ قوتابیان و خوێندکارانی بنەڕەتی و ئامادەیی و پەیمانگا و کۆلێژەکان دەبێت بڕوانامەکەی لە ( بەکالۆریۆس ) کەمترنەبێت لە پسپۆریەکەی.

**مامۆستایان :-**

بڕوانامەکانیان هاوشێوەی بڕوانامەی بڕگەی ( ب ) بێت کە ئاماژەی پێکراوە .

**فەرمانبەران :-**

١ ) دەرچویەکی ئامادەییە پیشەییەکان کە دانەمەزرابێت لە دام و دەزگای حکومی .

٢ ) خزمەتگوزار

٣ ) هەر فەرمانبەرێکی تر کە پەیمانگا پێویستی پێ ی هەبێت .

**تۆمارەکان :-**

١ ) تۆماری میلاك

٢ ) تۆماری بەشداربووان لە خول

٣ ) تۆماری کەل و پەل

٤ ) تۆماری وانەکان

٥ ) تۆماری سەردانی لێژنەکانی سەرپەرشتی کردن

٦ ) زانیاری کەسی ( CV ) خاوەن و بەڕێوەبەر و مامۆستایان و فەرمانبەران

**دارایی :**

١ ) رەسمی مۆڵەت پێدانی هەر بەشێك بۆ هاولاَتیانی ناوخۆ ( ٤٠٠٠٠٠ ) چوار سەد هەزار دینارە وە بۆ نویٚ کردنەوە ( ٢٠٠٠٠٠ ) دووسەد هەزار دینارە سالاَنە .

٢ ) رەسمی مۆڵەت پێدانی هەر بەشێك بۆ هاولاَتیانی بیانی ( ٧٠٠٠٠٠ ) حەوت سەد هەزار دینارە وە بۆ نویٚ کردنەوەی هەر بەشێك ( ٣٥٠٠٠٠ ) سیٚ سەد و پە نجا هەزار دینارە سالاَنە .

**سزاکان :**

**لەکاتی ئە نجام دانی ئەم سەرپێچیانە :**

١ ) زیادەڕۆیی لە رکلام کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك ( TV و ڕادیۆ و گۆڤار ) بەدەر بێت لە ڕێنماییەکان و بەکارهێنانی نازناوی تایبەت و نامۆ ( نەشاز ) سزا بدرێت بە :

أ- برِی ( ٥٠٠٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار لەگەلْ ئاگادار کردنەوە بۆ جاری یەکەم

ب- دوای مانگێك پاش ئاگادارکردنەوەی یەکەم ئاگاداری دوەم بکرێتەوە وە بە برِی ( ١٠٠٠٠٠٠ ) یەك ملیۆن دینار سزا بدرێت .

ج- دوای مانگێك پاش ئاگادارکردنەوەی دووەم ئاگاداری سیٚ یەم بکرێتەوە وە بەبرِی ( ٢٠٠٠٠٠٠ ) دوو ملیۆن دینار سزا بدرێت .

د- دوای مانگێك پاش ئاگادارکردنەوەی سیٚ یەم فەرمان بەداخستنی پە یمانگا دەدرێت .

٢ ) تەواو نەبونی مۆڵەت و یان نەبونی مۆڵەتی کردنەوەی پە یمانگا و ریکلام کردن بۆی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن سزا بدرێت بە برِی ( ١٠٠٠٠٠٠ ) یەك ملیۆن دینار و داخستنی تا تەواو کردنی مۆڵەتی پە یمانگا .

٣ ) لەکاتی دواکەوتنی نویٚ کردنەوەی مۆڵەتی پە یمانگا لە دوای ( ١ ) یەك مانگ لەکاتی خۆی . :-

أ- ئاگادار کردنەوەی پە یمانگا بەفەرمی لەلایەن وەزارەت بە نویٚ کردنەوەی مۆڵەت .

ب- بە برِی ( ٥٠٠٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار سزا بدرێت دوای ( ١٥ ) ڕۆژ لە ئاگادار کردنەوەی یەکەم .

ج- بە برِی ( ١٠٠٠٠٠٠ ) یەك ملیۆن دینار سزا بدرێت دوای ( ١٥ ) ڕۆژ لە ئاگادارکردنەوەی دووەم .

د- فەرمانی داخستنی پە یمانگا بدرێت دوای ( ١٥ ) ڕۆژ لە ئاگادار کردنەوەی سیٚ یەم .

*** تەلار ( بینا / بالاَخانە ):**

**پێویستە ئەم ژوورانە هەبێت :-**

أ-ژووری کارگێڕی .

ب-ژووری مامۆستایان و خۆیەتی .

ج- هۆڵی مەشق و ڕاهێنان بۆ هەر ( ١،٥م٢ ) بۆ یەك فێرخواز .

د- ڕو پێوی بالاَخانە لە ( ٣٠٠م٢ ) کەمتر نەبێت وەك بینا .

ه- شوێنی گونجاو بێت بۆ پە یمانگا .

*** مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی :**

١) داوکاری لەلایەن کەسی یەکەم پێشکەش بکرێت بە لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگا .

٢) بڕوانامەی کەسی یەکەم باوەڕ پێکراو بە پێ ی پسپۆری .

٣) بڕوانامەی ڕەگەزنامە و کارتی زانیاری / ئەگەر بیانی بوو پەسا پۆرت و پشتگیری جێ نشینی ( اقامە ) لەلایەنی پەیوەندی دار لەگەڵ دوو وێنەی ڕەنگاوڕەنگ .

٤) ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی ( ئاسایش / تەندروستی / باجی دەرامەت / شارەوانی / نەهێشتنی تاوان ( پەنجەمۆر ) .

٥) گرێبەست یان تاپۆی موڵکداری بینای پەیمانگا .

٦) بەڵێن نامە لەلای ( کاتب عدل ) بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ڕێنماییەکان .

٧) بەڵێن نامە لەلای ( کاتب عدل ) بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی ڕێنمایی کە فەرمانبەر نەبێت لە هیچ دام و دەزگایەکی حکومی.

٨) ( كفالة ضامنة ) لەلایەن ( کاتب عدل ) بەبڕی ( ٢٥٠٠٠٠٠٠ ) بیست و پێنج ملیۆن دینار .

٩) بڕوانامەی مامۆستایانی وانە بێژ باوەڕپێکراو بە پێ ی پسپۆری لەگەل ( CV ).

١٠) بڕیاری دامەزراندنی دەرچویەکی پیشەیی لە پەیمانگا بەمەرجێك دانەمەزرابێت .

١١) پرۆگرامی فێرکردن بە پێ ی پسپۆری بەشەکان .

١٢) پوختەیەك لە ئامانجەکانی کردنەوەی پەیمانگا، پلانی کارکردن .

١٣) ئاماری مامۆستایان و خزمەت گوزاران بە پێ ی پەیوەندی داری و بڕوانامەکانیان

١٤) ئاماری ئامێر و کەل و پەلی پەیمانگا .

١٥) بۆ بەشی خولی بەهێزکردن پێویستە :-

أ- تاقیگەی زانستی هەبێت بۆ ( فیزیا / کیمیا / زیندەوەرزانی ) .

ب- نابێ بەهیچ شێوەیەك مامۆستا لەکاتی دەوامی فەرمی خۆی وانە بڵێتەوە.

ج- نابێ بەهیچ شێوەك مەلزەمە بەکار بێت .

د- پێویستە پرۆگرامی دیاری کراو تەواو بکرێت لەهەر وانەیەك.

١٦) پڕکردنەوەی فۆرمی زانیاری پەیمانگا.

١٧)ڕا پۆرتی لیژنەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا ( سەبارەت بە گونجاوی پەیمانگا بۆ کردنەوە ).

١٨) هەبوونی پێداویستیەکانی ئاگر کوژانەوە وەك ( سەتلی خۆڵ و (بطل حريق).

١٩) نابێ ناوی هیچ وڵاتێك یان پەیمانگایەکی بیانی ئەهلی بەکار بێت ئەگەر ڕەزامەندی لەسەرچاوەی دایك نەبێت .

٢٠) نابێت ناوی پەیمانگا دووبارە بکرێتەوە تەنها گەر لقێك بێت لەسەنتەری دایك .

٢١) نابێ مەشق لە پیشەیەك دا بکرێت کە جیاوازبێ لەوەی لە ناوەرۆکی مۆڵەتەکەدا هاتووە ، مەگەر بەڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە ،لایەنی بەرپرس نەبێت .

٢٢) لەیەك پەیمانگادا کە مۆڵەتی وەرگرتوە هەر بەشێکی تازە کرایەوە دەبێ مامەڵەی بنکەی تازەی لەگەڵ بکرێت .

*** ڕێنمایی تایبەت بە مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی بە ڕێکخراو و کۆمپانیا و کەسایەتیە بیانیەکان :**

أ- پێدانی مۆڵەت بەشێوەی گرێبەست دەبێت لەنێوان وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان ، لەگەڵ ڕێکخراو و کەسایەتیە بیانیەکان .

ب-گرێ بەستەکە واژوو دەکرێت پاش تەواو کردنی هەموو مەرجەکانی پێویست بۆ کردنەوەی پەیمانگای فێرکردنی پیشەیی ئەهلی لە وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان .

ج- ماوەی گرێبەست یەك ساڵە و نوێ دەکرێتەوە بە ڕەزامەندی هەردوو لا .

د- ڕێکخراوو کۆمپانیا و کەسایەتیە بیانیەکان مۆڵەت و نوسراوەکانی هاتنە ناوەوەی هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکات لەگەڵ داوایەك .

ه- دەستەبەری بە مەبلەغی ( ٥٠٠٠٠٠٠ ) پە نجا ملیۆن پێشکەش بکات لەلایەن دادنوس (کاتب عدل ) پەسەند کرابێت لەگەڵ (٢) کەفیل دانیشتوی هەرێمی کوردستان بن .

## * جۆراوجۆر :

١) شوێنی تایبەت لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پارێزگاکان دابین بکرێت بۆ لیژنەی پە یمانگا ئەهلیەکان بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی کارەکانیان .

٢) پاش تەواو بونی کارەکان بە پێ ی ڕێنماییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان بەنوسراوی فەرمی بەرز بکرێتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی / بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی پیشەیی بەرپرسە لە پێدانی مۆڵەت و نوێ کردنەوە و داخستن و سەرپەرشتی کردنی لەڕێگای لیژنەی باڵاوە .

٣) ئەم پە یمانگانە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان دەبن و لەلایەن لیژنەی فەرعی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان سەرپەرشتی دەکرێن ،وە دەکەوێتە بەر سەردانی کردنی لیژنەی باڵا لە وەزارەتی پەروەردە .

٤) دانانی ئەندامێکی یاسایی لە لیژنەی باڵا لە وەزارتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان بەمەبەستی جێ بەجێ کردنی کاری گرێبەستەکان .

**کار بەم ڕێنماییانە دەکرێت لەبەرواری پەسند کردنی لەلایەن بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە ، کار بەهیچ ڕێنماییەکی تر ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییانە .**

لیژنەی هەموار کردنەوەی ڕێنمایی

احمد سمایل رحمان
ب.گ. فێرکردنی ئامادەیی و پیشەیی
سەرۆکی لیژنە

عبدالعزیز سرحان
ب.گ. بنەڕەتی و باخچەی ساوایان
ئەندام

یوسف عثمان یوسف
ب.گ. پلان دانان
ئەندام

ناراس نجم الدین
ب.گ. پرۆگرام و چاپەمەنیەکان
ئەندام

٢٢ / ٧ / ٢٠١٢
یوسف عبدالله مصطفى
ب. فێرکردنی پیشەیی
سکرتێری لیژنە

٧